# دەستووری کوردستان دەبێ پێش دەستووری عێراق دابنرێت و لە پەرلەمانی کورستانیش پەسەند بکرێت

**هیشام ئاکرەیی**

ئەگەر لە بەغدا باران ببارێت پێویستە جەماوەری کوردستان چەتر هەڵبگرن، نەک بەو واتایەی کە هەموو شتێک لە کوردستان دەبێ کۆپی عێراق لاسایی کەری یاسیاکانی عێراق بێت، بەڵکوو بەو واتایەی کە گەلی کوردستان پێویستە خۆ ئامادە بکات بۆ لافاوەکان و ئاگر بارانەکانی بەغدا و پێشوەخت چەتر و گەرەستەکانی تری پێویست ئامادەبکەن و پەجراندنی دەستوورێک بۆ کورستان ئەو چەتر و قەڵغانەیە کە کوردستان دەپارێزێت.

لە عێراق شەڕی دەستوور دەست پێکراوە و هەر لایەک دەیەوێت داخوازیەکانی خۆی لەناو دەستووردا بچەقێنێت و دەستوورێک بپەجرێنن ڕێک بێت لەگەڵ ئاواتەکان و مافەکانیان. بۆیە هەقی کوردە و پێویستە ئەوانیش خۆیان بۆ ئەو شەڕە ئامادەبکەن.

هەلبەتە شەڕی دەستوور دەبێ لە سەر دوو ئاست و لە دوو بەرەدا بکرێت، ئاستی یەکەم ئاستی کوردستانە و هی دووەم ئاستی عێراقە. بەندە شەڕی دەستوور لە سەر ئاستی کوردستان گرنگتر لە شەڕی سەر ئاستی عێراق دادەنێت.  چونکە لە کوردستانەوە بەرگری تەواو لە کوردستان دەکرێت و ئەوەی بەغدا تەنیا شەڕێکی بەرەی پێشەوەی کوردستانە.

هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و بەتایبەت بەڕێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئێستاکە جەنابی ئەرکی هەموو کێشە ناوخۆیی و نیشتیمانیەکانی کوردستان هەڵدەگرێت، پێویستە پەلە لە مەسەلەی دەستووری کوردستان بکات و ئەو ڕەشنووسەی دەستوور کە بەر لە ئێستا بۆ باشووری کوردستانیان پێشنیار کردبوو، دەبێ ئەم ڕۆژانە دەربهێنرێت و لە پەرلەمان تاوتۆ بکرێت و گۆڕانکاری پێویست تیایدا بکرێت و لە پەرلەمانی کوردستان پێش مانگی هەشتی ئەم ساڵ پەسەند بکرێت و ببێتە بڕیار.

گرنگی ئەم هەنگاوە لەوەوە دێت کە ڕێگا لەبەردەم هەر هەڕەشەیەک و پاشگەزبوونەوەیەکی لایەنی عەرەبی عێراق دەگرێت و هەر دەستوورێک و یاسایەک دوور لە دستووری پەسەندکراوی کوردستان ، لەلایەن سەرکردایەتی و جەماوەری کوردستان قبوڵ ناکرێت و لایەنی عەرەبیش دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێت بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان بگۆڕدرێت.

باشترین نموونەش بۆ ئەو کارە، مەسەلەی فێدرالی بوو/ کە دیمان کاتێک پەرلەمانی کوردستان شێوەی فێدرالی بۆ پەیوەندی لەگەڵ عێراق پەسەندی کرد، هەموو پارتە عەربیەکان ناچاربوون، شێوەی فێدرالی پەسەند بکەن و ئێستاکە خەریکن دانوسان لەسەر شێوەی ئەو فیدرالیەتە دەکەن نەک ئەوەی عێارق فێدرالی بێت یان نا....

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان و پەڕێز بارزانی ئەرگێکی ئاوایی بکێشن، هەموو لایەنەکانی تری عێراق دەخاتە بارودووخێکی گەلێ گرانەوە و ناچاریان دەکات دان بەو فیدرالیەتە بنێن کە کورد و پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەسەندیان کردوە و دەنگیان لەسەر داوە و ڕێگا لەبەردەم ئەم فێدرالیە (کارتوونیە)  دەگرن کە شیعە و سوننەکان باسی لێوە دەکەن.

بەدواخستنی کێشەی دەستووری کوردستان بۆ دوای دانان و پەسەندکردنی دەستووری عێراق مانای ئەوە دەدات کە کورد بە گوێرەی ئەو دەستوورە ئەبێ دەستووری خۆیان دابڕێژن. بەڵام ئەگەر پەلەمانی کوردستان دەستووری کوردستانیان دەستنیشان کرد، ئەو کاتە عێراق و عەرەبەکان ناچار دەبن دەستووری خۆیان لەگەڵ هی کوردستان بگونجێنن، چونکە ئەوان بەو شێوەیە پێشوەخت دەزانن ئەنجامی هەر دەستوورێک دژی دەستووری کوردستان بێت.

گۆڕینی کاتی هەڵبژاردنەکای کوردستان و هەڵبژاردنی بارزانی بۆ 4 ساڵ وەک سەرۆک، هەنگاوی یەکەمی جیاکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بوو لەگەڵ عێراق. چونکە پێویست ناکات کورد دوای یەک ساڵی تر هەڵبژاردن بکەن. سەرۆکی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ سەرۆک دەبێت و بەم شێوەیە پەرلەمانی کوردستانیش پێویستە بۆ 4 ساڵ کاربکات و هەروەها ئەنجوومەنەکانی شارەکان. بەم شێوەیە جیاوازیەک لە نێوان کوردستان و عێراق دروست بووە و حکومەتی عێراق ناچاردەبێت سبەی لەسەر ئاستی هەموو دونیا سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دابنێت. لێرەدا کورد هەنگاوێکی تر دەنێن و تایبەتمەندیەک دەدەنە کوردستان.

لەسەر هەمان بنەما و بەهەمان شێوەی پشتگوێ خستنی ئیرادەی بەغدا لە دانان و هەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتی کوردستان و ئێستاکە باسی هەلبژاردنەکانی کوردستان، بەهەمان شێوە پێویستە سەرکردایەتی کورد ئەو زمینە لەبارە بەکار بێنێت بۆ پەجراندن و دانانی دەستووری کوردستان پێش ئەوەی دەستووری عێراق دابنرێت و پەسەند بکرێت.

بەو مانایە، هەر ئێستا کە کە هەموو لایەنەکانی عێراق خەرێکی دانانی دەستوورن، پێویستە کورد دەستووری خۆیان دابنێن و پەسەندیشی بکەن و ڕێگا لەبەردەم هەموو  لایەنەکان بگرن بۆ هەر پاشگەزبۆنەوەیەک و فێڵبازیەک. بەتایبەت کە مەسەلەی (ئنیەت پاکی) لە لایەن لایەنی عەرەبی و هەتتا بیانیش نەماوە.

هەلبەتە  ئەمە شەڕێکی یاسایی و دەستوریيە و لە هەموو دونیادا لایەنەکان باردووخ بەکاردێنن و ئیستغلال دەکەن بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان.

چاوەڕێکردن و پشتگوێ خستنی دانانی دەستووری کوردستان بۆ دوای دانانی دەستووری عێراق یان هەتتا هاوتەریب لەگەڵ دانانی ئەو دەستوورە، هەڵەیەکی سیاسی و یاسایی گەورەیە تیایدا عەرەبەکان پیلانەکانی خۆیان دەربارەی کوردستان جێبەجێدەکەن و کوردیش دەدۆڕێنن.

بۆیە تەنیا ڕێگای سیاسی و ئاشتیانە بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد لە باشووری کوردستان دانانی دەستووری کوردستانە پێش دەستووری عێراق و پەسەندکردنی  ئەو دەستوورەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و ئەگەر بکرێت لەلایەن دانیشتوانی باشووری کوردستانەوە.